ئاگاردارییەک بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لەزانکۆی ڕاپەڕین وەرگیراون

وێرای پیرۆزبایی و بەخێرهاتنی خویندکاران...

تۆماری گشتی زانکۆی ڕاپەڕین ڕێنمایی و پێداویستییەکانی خوێندکارانی وەرگیراو لەزانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ ڕادەگەیەنێت.

بۆ ئەوەی ناوی خۆت تۆمار بکەی لە "تۆماری گشتی زانکۆی ڕاپەڕین" پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی لای خوارەوە لەگەڵ خۆت بهێنیت.

١ -کۆپی ناسنامەی باری شارستانی (ڕەنگا و ڕەنگ)

٢ -کۆپی ڕەگەزنامە "الجنسیە" (ڕەنگا و ڕەنگ)

٣ -کۆپی کۆبۆنی خۆراک "فۆرم" (ڕەنگا و ڕەنگ)

٤ -کۆپی کارتی زانیاری "ئەگەر نەبوو پشتگیری نیشتەجێ بوون"

٥ -کۆپی پاسپۆرت "ئەگەر هەبێت"

٦ -کۆپی بڕوانامەی پۆلی ١٢ی ئامادەیی "پەسندکراو لەلایەن پەروەردەوە"

٧ -پشکنینی چاو.

٨ -وێنەی "معاملات" پشت سپی (٦) دانە.

٩ -پشکنینی گروپی خوێن.

١٠ -پڕکردنەوەی فۆرمی بەڵێن نامە بۆ زانکۆ لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی زانکۆی ڕاپەڕین " بەپێی پێویستی خویندکارەکە"

ا- بەڵێن نامەی بەشەناوخۆیی بۆ "بەشەناوخۆیی"

ب- بەڵێن نامەی دەرماڵە و دەرماڵەی هاتوچۆ بۆ "بەڕێوەبەرایەتی دارایی"

ج- بەڵێن نامەی یاسایی زانکۆ بۆ " تۆماری گشتی"

١١ -کەفالەت :خوێندکاران دەتوانن لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی زانکۆی ڕاپەڕین کەفالەت پڕبکەنەوە، بەڵام ئەو خوێندکارانە ناتوانن کەفیلەکانیان بهێنن بۆ بەڕێوەبەرایەتی یاسایی زانکۆی ڕاپەڕین دەتوانن لە ناوچەکانی خۆیان کەفالەت پڕبکەنەوە.

تۆماری گشتی زانکۆی ڕاپەڕین...

**ئاگادارییەك بۆ ئەو خوێندكارانەی لە زانكۆی ڕاپەڕین وەرگیراون**

**بەڕێوەبەرایەتی یاسایی زانكۆی ڕاپەڕین ئاگاداری سەرجەم ئەو خوێندكارانە دەكاتەوە كە لە زانكۆی ڕاپەڕین ناویان هاتووەتەوە لە فاكەڵتییەكانی ( زانست ، پەروەردەی بنەڕەت ، زانستە مرۆڤایەتیەكان ، پەروەردە/ قەڵادزێ) و سكوڵی پەرستاری و بەشی سامانی ئاژەڵ.**
**بە مەبەستی ڕاییكردنی مامەڵە یاساییەكانی تایبەت بە وەرگرتنی خوێندكارانی قۆناغی یەكەم، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە لیژنەی دادنوسی بەڕێوەبەرایەتیمان سەردانی سكوڵ و فاكەڵتیەكان دەكات ، بۆ ئاگاداریتان.**

**تێبینی / خویندكارانی قۆناغی "یەكەم" تەنها لەم ڕۆژانەی كە لەخوارەوە بۆیان دیاریكراوە دەتوانن سەردانی زانكۆ بكەن بە مەبەستی ڕاییكردنی مامەڵە یاساییەكانیان، مامەڵە یاساییەكان لە هەفتەی داهاتووەوە دەست پێدەكەن.**

**١-خوێندكارانی وەرگیراو لە فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەكان لە ڕۆژانی )١٣-١٤-١٥ / ١٢/ ٢٠١٥ (سەردانمان بكەن.**

**٢ -خوێندكارانی وەرگیراو لە فاكەڵتی زانست لە ڕۆژانی )١٦-٢٠ / ١٢/ ٢٠١٥ ( سەردانمان بكەن.**

**٣ -خوێندكارانی وەرگیراو لە فاكەڵتی پەروەردەی بنەڕەت/ڕانیە لە ڕۆژانی )٢١-٢٢-٢٣ / ١٢/ ٢٠١٥ (سەردانمان بكەن.**

**٤ -خوێندكارانی وەرگیراو لە سكوڵی پەرستاری لە ڕۆژی )٢٧ / ١٢/ ٢٠١٥ ( سەردانمان بكەن.**

**٥-خوێندكارانی وەرگیراو لە بەشی سامانی ئاژەڵ و فاكەڵتی پەروەردە/قەڵادزێ لە ڕۆژانی )٢٨-٢٩-٣٠ /١٢/ ٢٠١٥ ( سەردانمان بكەن.**

**پێداویستییەكان.**

**(1)وێنەیەك لە كلێشەی بەڵێننامەی هاتووچۆ (پێویستە خوێندكار وێنەیەك لە ناسنامەی كەسی و كارتی زانیاری بهێنێت.(**

**(2)وێنەیەك لە كلێشەی بەڵێننامەی وەرگرتنی خوێندكاری قۆناغی یەكەم و مانەوە لە بەشە ناوخۆییەكان(پێویستە خوێندكار وێنەیەك لەناسنامەی كەسی بهێنێت. (**

**(3)وێنەیەك لە كلێشەی دەستەبەری (كفالە) (پێویستە دەستەبەر (كەفیل) وێنەیەك لە ناسنامەی كەسی و پشتگیری شوێنی كارەكەی.**